## بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عیراق

## بابەت/ راپۆرت

١-پێکهێنانی سندوقێك لە وەزارەتی کار بۆ ئەو ژنانەی جیابوونەتەوە لە هاوسەرەکانیان بە پێی ماددەی ٤/٣٩ لە یاسای باری کەسێتی هەموارکراو ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠٠٨

٢-پشتگیری لە نووسراوی ژمارە ١/٣٠٤ لە ٢٠١٢/١٢/١٢ ی ئەنجومەنی باڵای خانمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەکەین لە دانانی بودجەیەکی گونجاو و تایبەت بۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کاری خۆیان.

٣-لە لایەن وەزارەتی ناوەخۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی) پرۆژەیەکی ستراتیژی پێشکەش کراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە ٢٠١٢ تا ٢٠١٤ وە هەروەها ئەنجومەنی باڵای خانمان پرۆژەیەکی پێشکەش کردووە بۆ هەمان مەبەست.. ئێمە وەك لیژنە پێمان وایە کە دەبێت ئەو بودجەیەی کە دائەنرێت بۆ (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کە ستراتیژیەتەکەی و بریاردان لە ئەنجومەنی باڵای خانمان بووە و بەرێز وەزیری ناوەخۆ ئەندامە لە ئەنجومەنەکە دەبێت بودجەکەش تەرخان بکرێت بۆ وەزارەتی ناوەخۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی) لەبەر ئەوەی لایەنی جێبەجێکارە.

٤-دانانی بودجەیەکی تایبەت لە بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی کار بۆ دروست کردنی لانەی پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی لە شارەکانی هەرێم (دهۆك- هەولێر-سلێمانی).

٥-ئەوەی تێبینی دەکەین جیاوازی هەیە لە ژمارەی دامەزراوەکانی کچان و کوران وەك لە جەدوەلی وەزیفەکاندا (ملاکات) دەریخستووە... کە رێژەی پیاوان ٤٨٢١٦٥ وە رێژەی ژنانیش ١٥٣٦٩٣ یە کە ئەمەش بووەتە هۆی نایەکسانی هەلی کار بۆ هەردوو رەگەز وەك یەك لەبەر ئەوە داوا دەکەین لەو (١٧) هەزار میلاکەی دانراوە لە بودجەی ساڵی ٢٠١٢ رەچاوی ئەو هاوسەنگیەی نێوان ژن و پیاو بکرێت. لە کاتی یەکسان بوونی کەفائەتدا ئەولەویەت بدرێت بە رەگەزی مێینە.

٦-پرۆژە یاسای هاوکاری بێ هاوسەران کە زیاتر لە ساڵێکە چاوەروانی بۆچوونی حکومەتین و لە پلانی هەرێمی مافی مرۆڤ بۆ چوار ساڵی ئاییندە داواکراوە کە ئەم پرۆژەیە لە ٢٠١٢دا گفتوگۆ بکرێ و بچێتە بواری جێبەجێکردن بۆیە داواکارین برێك لە بودجەی ساڵی ٢٠١٢ تەرخانکراوی

ئەنجومەنی وەزیران تیایدا دیاری بکرێت بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان تایبەت بۆ هاوکاری کردنی پرۆژەی (هاوکاری بێ هاوسەران).

٧-لەژێر رۆشنایی گرنگی بودجەکە پێویستە رەنگدانەوەی پێداویستی و داواکاریەکانی کۆمەڵگا بێت، بۆیە بە گرنگی دەزانین کە لە بودجەی ساڵی دارایی (٢٠١٢) رێژەیەك لە بەرکەوتەی (شەش وەزارەت)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە بودجەی ساڵانەی تەرخان بکرێت بۆ هاوکاری کردنی ژنان لە بواری (بەرزکردنەوەی توانای ژن، فراوانکردنی وشیاری تەندروستی، وشیاری یاسایی بە مافەکانی، وشیاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، بەرزکردنەوەی توانا و تێگەیشتنی کارمەندانی وەزارەتەکانی ناوەخۆ، داد) بۆ مامەڵە کردنیان لەگەڵ ژنان ئەو وەزارەتانەش بریتین لە:

١-وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی

٢-وەزارەتی داد

٣-وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا

٤-وەزارەتی ناوخۆ

٥-وەزارەتی رۆشنبیری

٦-وەزارەتی تەندروستی

لەگەڵ ریزدا..